# کەوتنی شەنگال لەڕووماڵی
# کەناڵی ڕووداو و کەناڵی کەی ئێن ئێن دا



٤١ زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

Political Studies

# کەوتنی شەنگال لەڕووماڵی
# کەناڵی ڕووداو و کەناڵی کەی ئێن ئێن دا

هاوڕێ حەسەن حەمە

٤١ زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ©

www.kurdistanc.com
kurdistan.kccrc@gmail.com
facebook.com/kurdistanccrc
053 - 318 2929
عێراق - سلێمانی - گردی سەرچنار
@KCCRC1

ئابی ٢٠١٨

# کەوتنی شەنگال لەڕووماڵی کەناڵی ڕووداو و کەناڵی کەی ئێن ئێن دا

هاوڕێ حەسەن حەمە

**پوختە**

قەزای شەنگال لە ٣ی ئابی ٢٠١٤دا بەشێوەیەکی کتوپڕ کەوتە دەست چەکدارانی داعش. لەڕووی سەربازییەوە، بەشێوەیەکی سەرەکی قەزاکە لەژێر بەرپرسیارێتی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بوو، ئەمەش لەبەرئەوەی لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە تاوەکو ٣ی ئابی٢٠١٤، پارتی دیموکراتی کوردستان لەڕووی سیاسی و سەربازییەوە گەورەترین نفوزی لەو ناچەیەدا هەبوو. پرسیاری سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە، ئایا کەناڵی ڕووداو و کەناڵی کەی ئێن ئێن چۆن ڕووماڵی کەوتنی شەنگالیان کردووە لەڕاپۆرتە هەواڵیەکانیاندا لەساڵی ٢٠١٤دا؟ ئەم لێکۆڵینەوەیە بە سوود وەرگرتن لە تیۆری فرەیمینگ « لەقاڵبدان، شیکاری بۆ ئەو ڕاپۆرتە هەواڵیانەی کەناڵی ڕووداو و کەناڵی کەی ئێن ئێن کردووە، کە لەسەر کەوتنی شەنگال لە ٣ی ئاب بۆ ٨ ئابی ٢٠١٤ لەبارەی کەوتنی شەنگالەوە کردوویانە. لێکۆڵینەوەکە بەو دەرئەنجامە گەیشتووە، ڕووداو ئەگەرچی زۆرترین ڕاپۆرتە هەواڵی هەیە لەسەر کەوتنی شەنگال، بەڵام هەوڵیداوە خۆی بەدووربگرێت لەوەی کە کێ بەرپرسیارە لە کەوتنی شەنگال، کەوتنی شەنگال دەدانە پاڵ «پێشمەرگە«. بە هەمانشێوە کەی ئێن ئێن لەماوەی پێنج ڕۆژی سەرەتای ڕووداوەکە بەهۆی بوونی ڕێکەوتنی سیاسی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، کەوتنی شەنگال دەدانە پاڵ «پێشمەرگە«، کە خۆی بۆخۆی چەمکێکی بێلایەنە. بەڵام دوای تێکچوونی پەیوەندییەکانی گۆڕان لەگەڵ پارتی، کەی ئێن لەسەدا سەد بەرپرسیارێتی کەوتنی شەنگال دەدانە پاڵ «هێزەکانی پارتی».

وشە سەرەکیەکان: کەوتنی شەنگال، تیۆری لەقاڵبدان، ڕووداو، کەی ئێن ئێن، پێشمەرگە، پێشمەرگەی پارتی، ڕووماڵی لایەنگیرانە.

## پێشەکی

ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە داعش لە ٣ی ئابی ٢٠١٤ هێرشی کردە سەر شەنگال و توانی لەماوەیەکی زۆر کورتدا قەزاکە داگیربکات، بەم هۆیەشەوە ئێزیدییەکان کە دانیشتوانی ڕەسەنی شارەکەبوون، ڕووبەڕووی کۆمەڵکوژی ئاوارەبوون و دەستدرێژی سێکسی و ماڵوێرانی بوونەو (١). ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدەدات بەسوود وەرگرتن لە تیۆری میدیایی لەچێوەدان « فرەیمینگ»، باس لەکەوتنی شەنگال بکات لەڕووماڵی میدیایی کەناڵی ڕووداو و کەناڵی کەی ئێن ئێن دا. پرسیاری سەرەکی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لەوەی: چۆن کەناڵی ڕووداو و کەناڵی کەی ئێن ئێن ڕووماڵی کەوتنی شەنگالیان کردووە لەڕاپۆرتە هەواڵییەکانیاندا لەماوەی پێنج ڕۆژی یەکەمی ڕووداوەکەدا؟ لێکۆڵینەوەکە بەو دەرئەنجامە گەیشتووە، ڕووداو سەرەڕای ئەوەی بانگەشەی بێلایەنی دەکات، بەڵام بەهیچ شێوەیەک لە ڕاپۆرتە هەواڵەکانیدا کەوتنی شەنگال ناخاتە ئەستۆی هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵکو لەچەند هەواڵێکی کەمدا دەیخاتە ئەستۆی «پێشمەرگە«، لەبەرامبەریشدا لەهەندێک هەواڵدا باس لە قارەمانی و بەرخوردانی هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات. ئەوەی جێگەی سەرسورمانە کەی ئێن ئێن ڕووماڵێکی زۆر «شەرمنانەی» کەوتنی شەنگالی کردووە، بەشێوەیەک تەنها لەیەک هەواڵیدا کەوتنی شەنگال دەدانە پاڵ هێزەکانی پارتی، ئەو هەواڵەش هی خۆی نیە، لەسایتی فورات نیوزەوە وەریگرتووە، ئەمە لەکاتێکدایە نۆزدە جار بەرپرسیارێتی کەوتنی شەنگال دەخاتە ئەستۆی «پێشمەرگە«. توێژەر لە توێژینەوەکەدا ئەوەی سەلماند کە ئەم ڕووماڵە شەرمنانەی کەی ئێن ئێن بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لەوکاتەدا بزوتنەوەی گۆڕان ڕێکەوتنی سیاسی هەبووە لەگەڵ پارتی دیموکراتی

کوردستان، هەربۆیە لەهەواڵەکانیدا خاترێکی زۆری پارتی دیموکراتی کوردستانی گرتووە. لەدوای تێکچوونی پەیوەندییەکانی گۆڕان لەگەڵ پارتی، کەی ئێن ئێن سەد لەسەد کەوتنی شەنگال دەخاتە ئەستۆی «هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان.»

**کەوتنی شەنگال**

لە ٣ی ئابی ٢٠١٤دا، چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی هێرشیانکردە سەر قەزای شەنگال و ناوچەکانی دەوروبەری، ئێزیدییەکانیان ناچارکرد بەرەو چیای شەنگال هەڵبێن، ئەو کەسانەی کە نەیانتوانی بەرەو چیاکە هەڵبێن، یان کوژران، یاخود لەلایەن چەکدارانی داعشەوە ڕفێنران. لە٤ی ئابی ٢٠١٤دا چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی چواردەوری چیاکەیان گرت، دەیان هەزار ئێزیدی بەم هۆیەوە لەچیاکە بەبێ نان و ئاو، شوێن، پێداویستی گیریان خوارد، لەهاوینێکی گەرمدا کە پلەی گەرما لەسەرووی پەنجا پلەی سەدییەوە بوو. ئەم حاڵەتە بەردەوامبوو تاوەکو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەستێوەردانی لەدژی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی ئەنجامدا لە ٨ی ئابی ٢٠١٤دا، لەنێوان ٩-١٣ی ئابدا ڕێڕەوێکی سەلامەت لەلایەن هێزە کوردییەکانەوە بۆ ئێزیدییەکان کرایەوە و زۆرینەی زۆریان ڕوویان لەهەرێمی کوردستان کرد(٢). بەپێی دەستوری عێراقی ناوچەی شەنگال دەکەوێتە سنوری ئەو ناوچانەی کە بەناوچەی جێناکۆک دەناسرێن لەنێوان هەولێر و بەغدا(٣). پێش داگیرکردنی شەنگال لەلایەن داعشەوە، ئەو ناوچەیە لەژێر کۆنترۆڵی هێزە کوردییەکان بەدیاریکراویش هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بوو(٤). وەک ئاشکرایە، هێزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەسەر دوو لایەنی سیاسیدا دابەشوون، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان. تاوەکو ئێستا چەند لیوایەکی کەم یەکیان گرتۆتەوە و لەژێر سەرپەرشتی وەزارەتی پێشمەرگەدان. باقی ئەو هێزانەی تر فەرمان لە حزب وەردەگرن، وەزارەتی پێشمەرگە کۆنترۆڵی نییە بەسەریاندا. لەمەش زیاتر، تەنانەت پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کاریگەریان لەسەر لیوا هاوبەشەکانی پێشمەرگەش هەیە. باشترین بەڵگەش بۆ سەلماندی ئەم ڕاستیە ئەوەیە، لەدوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ لیوا هاوبەشەکانی پێشمەرگە هەڵوەشانەوە و جارێکی تر بەسەر هێڵە حزبییەکاندا دابەشبوونەوە(٥). بەمشێوەیە ئەو هێزانەی کە بەرپرسبوون لەپاراستنی شەنگال بەزۆری لە هێزی پارتی دیموکراتی کوردستان پێکهاتبوون(٦). دوای تێکچوونی پەیوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان، لەساڵیادی کارەساتی شەنگالدا ئەم دوو لایەنە کەوتنە تۆمەتبەخشینەوە لەبەرامبەر یەکتریدا، ڤیان دەخیل، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەسەر فراکسیۆنی پارتی لەوتەیەکی دا دەڵێت: «بۆچی تا ئێستا وەزیری پێشمەرگە لەسێدارە نەدراوە». ئەو ئەندامەی پەرلەمانی عێراق ڕاستەوخۆ مستەفای سەید قادر، وەزیری پێشمەرگەی ئەو کاتی، بە بەرپرسیار لە کەوتنی شەنگال لەقەڵەمدا. بەڵام لەدوای وتەکانی ڤیان دەخیل، سەعید کاکەیی ڕاوێژکاری وەزیری پێشمەرگە، وڵامی وتەکانی ڤیان دەخیلی دایەوە و ڕایگەیاند: «وەزارەتی پێشمەرگە بەهیچ شێوەیەک بەرپرس نەبووە لەو هێزانەی کە لە شەنگال بوون، تەنها ١٤ لیوا لەژێر فەرمانی وەزارەتدابوون، ئەوانیش لەشەگال نەبوون. سەعید کاکەیی دەڵێت: «ئەوە پێشمەرگەکانی پارتی بوون کە سەنگەریان لەبەرامبەر داعش چۆڵکرد و نەیانتوانی بەرگری لەخەڵکی شەنگال بکەن»(٧).

**تیۆری فرەیمینگ « لەقاڵبدان» چێوە هەواڵ**

چەمکی فرەیمینگ «ڕووماڵی ئارەزوومەندانە« وەک ئامرازێکی سەرەکی لە شیکردنەوە هەواڵییەکاندا سەریهەڵدا بەمەبەستی دەستنیشانکردن و دیاریکردنی لایەنگیری سیاسی لە ڕاپۆرتە هەواڵەکانی میدیادا. کرۆکی چەمکی فرەیمینگ بریتییە لەوەی کەوا فرەیمینگ ئاماژەیە بۆ ئەو شێوازەی کەوا بەکارهێنانی زمان و هەڵبژاردنی ڕاستیەکان، وێنەکان، ڕادە و ئاستی قەبارەی گرنگیپێدان و فۆکەس، کە تەرخاندەکرێت بۆ بابەتێکی دیاریکراو دەشێت سەربکێشێت بۆ ئەوەی کە ڕاپۆرت و هەواڵە بێلایەنەکان بگۆڕێن بۆ ڕوماڵێکی تا ئەو پەڕی ئاست، سیاسیانە و لایەنگیریانەی وەها بابەتێک(٨). لە لێکۆڵینەوەکەی دا بەناونیشانی «فرەیمکردنی ڕووماڵی


KCCRC
ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

هەواڵی نێودەوڵەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان: جیاوازییەکان لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی بەردانەوەی فڕۆکەیەکی ئێرانی و فڕۆکەی هێڵی ئاسمانی کۆریی»، ڕۆبێرت ئێنتمان لەساڵی ١٩٩١دا ئەوەی خستەڕوو، کە چۆن میدیای ویلایەتە یەکگرتووەکان بەشێوەیەکی زۆر جیاواز ڕووماڵی ئەو دوو ڕووداوە هاوشێوە و لێکچووەی کردووە. لە لێکۆڵینەوەکەیدا ئینتمان شیکاری بۆ ڕووماڵی هەردوو ڕووداوەکە کردووە لە میدیای ویلایەتە یەکگرتووەکاندا کە هەردوو ڕووداوەکە بەردانەوەی فڕۆکەی مەدەنی لەخۆ دەگرن. یەکەمین ڕووداو بەردانەوەی فڕۆکەیەکی مەدەنی کۆری بوو لەساڵی ١٩٨٣دا لەلایەن فڕۆکەیەکی جەنگی یەکێتی سۆڤێتی جارانەوە دوای ئەوەی کە فڕۆکە کۆرییەکە چووە نێو فەزای یەکێتی سۆڤێتەوە. ڕووداوی دووەم بریتییە لە بەردانەوەی فڕۆکەیەکی ئێرانی لەساڵی ١٩٨٨ لەلایەن کەشتیگەلی جەنگی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە لەکەنداوی فارسی دوای ئەوەی فڕۆکەکەی ئێران بەرەو کەشتیگەلی جەنگی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەڕۆیشت(٩). ئینتمان باسی لە هەردوو ڕووداوەکە کرد وەک ئەوەی هەردوو ڕووداوەکە دوو ڕووداوی هاوشێوەن لەدوو ڕووی سەرەکییەوە: یەکەم، هەر دوو ڕووداوەکە بەهۆی هەڵەی سەربازیی و نەبوونی زانیارییەوە ڕوویاندا، واتە هیچ کام لەو ڕووداوانە بەئەنقەست نەبوون، نە یەکێتی سۆڤێت زانیاری ئەوەی هەبوو کە ئەو فڕۆکە کۆرییە فڕۆکەیەکی مەدەنییە و نە کەشتیگەلی ویلایەتە یەکگرتووەکان زانیاری ئەوەی هەبوو کە ئەو فڕۆکە ئێرانییە فڕۆکەیەکی مەدەنییە. دووەم هەردوو ڕووداوەکە قوربانی مرۆیی گەورەیان لێکەوتەوە. لەبەرئەمە، ئەگەر ڕووماڵی میدیای ئەمەریکی بێلایەن بوایە، دەبواییە ڕووماڵی هەردوو ڕووداوەکەی وەک یەک و بەیەک شێواز بوایە و بەیەک قەبارە میدیای ئەمەریکی ڕووماڵی هەردوو ڕووداوەکەی بکردایە. بەڵام بەپێچەوانەوە، لەڕووی قەبارەی گرنگیپێدانەوە، میدیای ئەمەریکی فۆکەسێکی گەورەی خستەسەر ڕووداوی بەردانەوەی فڕۆکە کۆرییەکە لەلایەن یەکێتی سۆڤێتەوە. بۆ نموونە، ڕۆژنامەی نیۆرک تایمزی ئەمەریکی ٢٨٦ ڕاپۆرتە هەواڵی لەسەر ڕووداوی بەردانەوەی فڕۆکەکەی کۆریای باشور کرد لەلایەن یەکێتی سۆڤێتەوە. بەڵام، تەنها ١٠٢ ڕاپۆرتە هەواڵی لەسەر ڕووداوی تێکشاندنی فڕۆکە ئێرانییەکە کرد لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە. ڕووماڵی میدیایی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ ئەو دوو ڕووداوە لێکچووە تاڕادەیەکی زۆر جیاوازبوو. لەڕووی هەڵبژاردنی ڕاستی و زانیارییەکانەوە، ڕۆژنامەی نیۆرک تایمز لەڕووماڵکردنی ڕووداوی بەردانەوەی فڕۆکە کۆرییەکە لەلایەن یەکێتی سۆڤییەتەوە، یەکێتی سۆڤێتی تۆمەتبار کرد و بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئەوان بەئەنقەست فەرمانیانکردووە بە تێکشاندنی فرۆکە کۆرییە مەدەنییەکە. بەپێچەوانەوە، لەڕووماڵکردنی بەردانەوەی فڕۆکە مەدەنییە ئێرانییەکە، کەلایەن کەشتیگەلی ئەمەریکاوە هێرشی کرابۆسەر، نیۆرک تایمز جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە گوایە کەشیگەلی ئەمەریکی زانیاری تەواوی لەبەردەست نەبووە. لەڕووی هەست و سۆز وروژاندنەوە، ڕاپۆتە هەواڵییەکانی میدیا بۆ دوو بەش دابەشدەکرێت: میدیا بەشێوەیەکی بێلایەنانە و وەک خۆی باس لە ڕووداوێک دەکات، ئەو زاراوانە بەکاردێنێت کە زاراوەی بێلایەنن، بەڵام چەمک و زاراوەی عاتیفی بەکاردێنێت بۆ باسکردن لە ڕووداوێکی تر. بۆنموونە، میدیای ئەمەریکی بەشێوەیەک باسی لە قوربانییەکانی نێو فڕۆکە کۆرییەکە دەکرد کە کەلایەن یەکێتی سۆڤێتەوە بەردرایەوە کە هەست و سۆزی ڕایگشتی لەدژی یەکێتی سۆڤێت دەجووڵاند، بۆنموونە، «لەدەستدانی ئازیزان»، تراژیدیا». بەڵام بۆ قووربانییەکانی فڕۆکە ئێرانییەکە، میدیای ئەمەریکی ووشەی دوور لە هەست و سۆزی بەکاردەهێنا، بۆنموونە، ووشەی «پاسنجەر» واتە سەرنشینی بەکاردەهێنا(١٠).

## میتۆدی لێکۆڵینەوە

لەم لێکۆڵینەوەدا، هەوڵدراوە بزانرێت چۆن وێبسایتی ڕووداو و وێبسایتی کەی ئێن ئێن ڕووماڵی کەوتنی شەنگالیان لە ٣ی ئابی ٢٠١٤دا کردووە. سەرەتا پیلانی توێژینەوەکە بەو شێوەیە بوو کە هەردوو وێبسایتی کەناڵی ئێن ئارتی ( وەک کەناڵێکی سەربەخۆ لەوکاتەدا) و کەناڵی کوردساٹ نیوزی سەر بەیەکێتی نیشتیمانی کوردستان وەربگرێت، بەڵام ئەرشیفی ٢٠١٤ی ئەم دوو کەناڵە لەکاتی ئەنجامدانی

## خشتەی ژمارە (1) قەبارەی گرنگیدان بە کەوتنی شەنگال پێشاندەدا

| ڕێژەی سەدی | دووبارەبوونەوە | کەناڵ |
|---|---|---|
| 53.10 | 121 | ڕووداو |
| 46.9 | 106 | کەی ئێن ئێن |
| 100 | 226 | تێکڕای گشتی |

لێکۆڵینەوەکەدا بەردەست نەبوون. لەبەرئەم هۆیە توێژەر تەنها وێبساینی ڕووداو و کەی ئێن ئێنی وەرگرتووە. تەواوی ڕاپۆرتە هەواڵییەکانی ئەم دوو وێبسایتە لەماوەی پێنج ڕۆژدا لەلایەن توێژەرەوە وەرگیراون و تەماشای تەواوی هەواڵەکان کراوە لەبەرواری ٣ی ٨ی ٢٠١٤ەوە تاوەکو ٨ی ئابی ٢٠١٤. ڕاپۆرتە هەواڵییەکان بەپێی بنەماکانی تیۆری فرەیمینگ پۆلێنکراون، هاوشێوەی ئەوەی کە لەلایەن پرۆفیسۆر ڕۆبێرت ئینتمانەوە بەکارهێنراوە. لەسەرەتادا، هەوڵدراوە ئەوە ڕوونبکرێتەوە کە تاچەند ئەو دوو کەناڵە بایەخیان بە کەوتنی شەنگالداوە لەڕێگەی تەرخانکردنی هەواڵ لەسەر ڕووداوەکە. دواتر لێکۆڵینەوەکە لەماوەی ئەو پێنج ڕۆژەدا هەوڵیداوە بۆ ئەو ڕاپۆرتە هەواڵیانەی هەردوو وێبسایتەکە بگەڕێت کە بەرپرسیارێتی کەوتنی شەنگال دیاری دەکەن تاوەکو بزانین ئەم دوو کەناڵە بەرپرسیارێتی کەوتنی شەنگال دەخەنە ئەستۆی کێ. وێبساینی ڕووداو لەکۆی ١٢١ ڕاپۆرتە هەواڵ کە لەماوەی ئەو پێنج رۆژەدا لەبارەی کەوتنی شەنگالەوە هەیبووە، کەمترین جار ئاماژەی بە بەرپرسیارێتی کەوتنی شەنگال کـردووە، لەو ڕاپۆرتە هەواڵیانەی کە ڕووداو لەبارەی کەوتنی شەنگالەوە بڵاوی کردۆتەوە، ٦ جار کەوتنی شەنگال دەداتە پاڵ هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان، دووجاریش کەوتنی شەنگال دەداتە پاڵ حکومەتی عێراقی. لەبەرامبەردا وێبساینی کەی ئێن ئێن ١٦جار کەوتنی شەنگال دەداتە پاڵ هێزەکانی پێشمەرگە، ئاماژە بە کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە دەکات لە شەنگال و ناوچەکانی دەوروبەری شەنگال. تەنها یەک جاریش کەوتنی شەنگال دەداتە پاڵ هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان. سەبارەت بە ئاستی گرنگیدان بە کەوتنی شەنگال، ڕووداو گرنگییەکی زیاتری بە ڕووداوەکە داوە، لەماوەی پێنج ڕۆژدا ١٢١ هەواڵی لەسەر کەوتنی شەنگال کردووە، بەڵام کەی ئێن ئێن گرنگییەکی کەمتری بە ڕووداوەکـە داوە، تەنها ١٠٦ هەواڵی لەسەر کردووە. لەڕووی بەکارهێنانی ئەو چەمکانەی کە سۆز و عاتیفەی ڕایگشتی دەجوڵێنن، هەریەک لەو دوو کەناڵە چەمکی جۆراو جۆر بەکاردەهێنن، کە توێژەر بۆ پێنج بواری سەرەکی پۆلێنی کردوون و لە پێنج گروپدا جێیکردوونەوە، کە ئەوانیش بریتین لە، ئاوارەبوون و هەڵهاتن، دەستدرێژی سێکی و بازرگانیکردن بە ژنانی ئێزیدییەوە، کۆمەڵکوژی و جینۆساید، تراژیدیاو کارەساتی مرۆیی، توندوتیژی و کاری وەحشیگەرانە. توێژەر تەماشای کۆی هەواڵەکانی هەردوو کەناڵەکەی کردووە لەماوەی ئەو پێنج ڕۆژەدا بۆ ئەوەی بزانێت تاچەند ئەو ووشە و دەستەواژانە بەکارهاتوون کە سۆز و عاتیفەی ڕایگیشتی دەجوڵێنن.


KCCRC
ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

کەوتنی شەنگال لەڕووماڵی میدیایی Rudaw و KNN دا

**قەبارەی گرنگیپێدان**

لەڕووی گرنگیدان بە کارەساتی کەوتنی شەنگال، کەناڵی ڕووداو گرنگییەکی گەورەتری بە کارەساتەکە داوە، بەشێوەیەک ڕووداو لەماوەی پێنج ڕۆژدا ١٢١ هەواڵی لەسەر کەوتنی شەنگال کردووە، بەمەش هەروەک لەخشتەکەدا دیارە، قەبارەی گرنگیدانی ڕووداو بە کەوتنی شەنگال ٥٣٪ بووە ....بەڵام کەی ئێن ئێن گرنگییەکی کەمتری بەو کارەساتەداوە کە لە ٣ی ئابی ٢٠١٤و ڕۆژی دواتر لەسەر دەستی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی بەسەر ئێزیدییەکاندا هات. لەماوەی ٣ی ئابی ٢٠١٤ بۆ ٨ ئابی ٢٠١٤ کەی ئێن ئێن لە ١٠٦ هەواڵدا ئاماژەی بەو ڕووداوانە کردووە، هەروەک لەخشتەکەدا دیارە، ڕێژەی گرنگی پێدانی کەی ئێن ئێن بە ڕووداوەکە ٩٪ ,٤٦ بووە. پێدەچێت هۆکاری سەرەکی ئەم جیاوازییە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ڕووداو دەزگایەکی گەورەترە لە کەی ئێن ئێن لەڕووی ستاف و توانای ماددییەوە.

**بەرپرسیارێتی**

هـەروەک لە خشتەکەدا دیـارە، کەناڵی ڕووداو لەکۆی ١٢١ ڕاپـۆرتـە هــەواڵ، کە لـەبـارەی کەوتنی شەنگال و هێرشەکانی داعـش بۆ سەر شەنگال و ناوچەکانی دوروبەری ئەنجامیداوە، تەنها شەش جار بەرپرسیارێتی کەوتنی شەنگال دەداتە پاڵ هێزەکانی پێشمەرگە(١١)، دووجاریش بەرپرسیارێتییەکە دەخاتە ئەستۆی حکومەتی عێراقی، جارێک باس لەوە دەکات کە پێشمەرگە توانای بەرگری زۆرە، بەڵام خراپی پەیوەندییەکانی بەغدا و هاوکاری نەکردنی پێشمەرگە لەلایەن بەغداوە کاریگەری لەسەر توانای پێشمەرگە هەبووە، هەواڵەکە بەم شێوەیە داڕێژراوە: «پێشمەرگە توانایەکی زۆر لەو زیاتریان هەیە بۆ بەرگریکردن لە ناوچەکەیان دژ بە چەکدارانی داعش، بەڵام پەیوەندییە ئاڵۆزەکەی کورد لەگەڵ بەغدا و نەبوونی هیچ هاوکارییەک لەلایەن حکومەتی بەغدا و پێنەدانی مووچە لەلایەن حکومەتی بەغداوە، کاریگەریی خۆی لەسەریان هەبووە(١٢).» لەهەواڵەکەی تریدا، ڕووداو باس لەوە دەکات ئەو چەکانەی سووپای عێراقی کە کەوتوونەتە دەستی داعش لەدژی پێشمەرگە بەکاری دەهێنن، هەروەک لە هەواڵەکەدا بەمشێوەیە هاتووە: دوای هێرشەکانی هێزەکانی داعش لەڕۆژی ٢٠١٤/٧/٩ بۆ سەر موسڵ و ناوچە سوننەنشینەکانی دیکەی عێراق، چەکی پێشکەوتووی زۆری سوپای عێراق کەوتە دەست هێزەکانی داعش، ئەو چەکەش لەلایەن هێزەکانی داعشەوە لە شەڕەکانیدا لە سووریا و عێراق بەکاردەهێنرێت بۆ هێرشکردنە سەر سوپای عێراق و پێشمەرگە، هەروەهاش بۆ هەڵمەتەکانیان بۆ سەر مەسیحییەکان و کوردانی ئێزیدیش (١٣).

لەگەڵ ئەوەی کەناڵی ڕووداو، شەش جار بەرپرسیارێتی کەوتنی شەنگال دەداتە پاڵ هێزەکانی پێشمەرگە، بەبێ ئەوەی ئاماژە بەوە بکات کە ئەو پێشمەرگانە، پێشمەرگەی چ لایەنێکی سیاسین، بـەڵام ئـەوەی جێگەی تێبینیە، ئەو کەناڵە لـەدوای کەوتنی شەنگال بەدیاریکراویی و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هێزەکانی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان وەک پاڵەوان و هێزێکی شەڕکەری کاریگەر لەبەرەکانی پێشەوەی جەنگی دژی داعش پێشاندەدا لەچەند هەواڵێکیدا. بۆ نموونە، مانشێتێکی هەواڵی ڕووداو بەم شێوەیە: «مەنسوور بارزانی بەهێزێکی گەورەوە لەدەوروبەری شەنگالە«، لەناوەڕکی هەواڵەکەدا هاتووە: «هێزێکی زۆر بە فەرماندەیی کاک مەنسوور بارزانی فەرماندەی فەرماندەیی هەردوو لەشکری یەک و گوڵان بە چەکی قورسەوە، گەیشتوونەتە ناوچەکە و چاوەڕوان دەکرێت لە چەند کاژێری داهاتوودا گورزێکی سەخت لە داعش بدرێت و ناوچەکە پاکبکرێتەوە»(١٤). بەهەمان شێوە، لەهەواڵێکی تردا بەناونیشانی: «داعش مناڵی کوردی ئیزیدی دەگرێت»، ڕووداو ئاماژە بەوە دەکات: ئەگەرچی داعش هەندێک پێشڕەویی کردووە، بەڵام لەئێستادا هێزی پێشمەرگە لەپێشڕەوییدایە و هێزێکی زۆری پێشمەرگە چۆتە ئەو ناوچەیە و مەنسور بارزانی سەرپەرشتی دەکـات، ڕووداو بەمشێوەیە هەواڵەکەی داڕشتووە: «لە شەوی ڕابـردووەوە چەکدارانی داعش توانیویانە لە هەندێک ناوچەی دەڤەری شنگال پێشڕەوی بکەن، بەڵام لە دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆوە هێزی پێشمەرگە لەو ناوچانەدا لە پێشڕەویدان. بەپێی زانیارییەکانی تۆڕی میدیایی ڕووداو هێزێکی زۆری پێشمەرگە چووەتە ئەو

ناوچەیە و مەنسوور بارزانی، فەرماندەی هێزی گوڵان، سەرپەرشتییان دەکات» (١٥). بەهەمان ئاراسته، لەهەواڵێکی تریدا بەناونیشانی: «پێشمەرگە شنگال گەمارۆ دەدات و داعش دەچێنە نێو ماڵانەوە»، ڕووداو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هێزێکی پارتی لەپێشەوەی هێرشی پێشمەرگەیە بۆسەر شەنگال: «فەرماندەیەکی پێشمەرگەی زێرەڤانی لەبەرەی شەڕەوە بە تەلەفۆن بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند کە پێشمەرگە ئێستا لەپێشڕەویدایە بەرەو شاری شنگال، هەروەها ڕایگەیاند کە لەشکری تایبەتی گوڵان بە چەکی قورسەوە لەپێشەوەی هێرشی پێشمەرگەدایە بۆ سەر چەکدارانی داعش لە شنگال» (١٦). لەڕاپۆرتە هەواڵییەکی تریدا بەناونیشانی: « هەرێمی کوردستان بۆ ئەمەریکا: قۆناغی سوپاس بەسە، چەک و تەقەمەنی بدەنە پێشمەرگە» ڕووداو جارێکی تر ئاماژە بەوە دەکات هێزێکی پارتی بەچەکی قورسەوە لە شەنگالە لەنزیکترین کاتدا دەست بە شەڕ دەکەن(١٧). بەمشێوەیە ڕووداو کەوتنی شەنگال دەخاتە ئەستۆی هێزەکانی پێشمەرگە بەبێ ئەوەی ئاماژە بە لایەنگیری ئەو هێزانە بکات بۆ پارتێکی سیاسی،

بەڵام لەهەمانکاتدا و بەدیاریکراوی ئاماژە بە قارەمانێتی و بەرخودانی هێزەکانی پارتی دەکات لەبەرەکانی شەڕدا. بەپێچەوانەوە، کەناڵی کەی ئێن ئێن زۆرترین هەواڵی لەسەر بەرپرسیارێتی کەوتنی شەنگال کردووە، بەشێوەیەک لە بیست و یەک شوێندا لەهەواڵەکانیدا ئاماژە بە هۆکار و لایەنی بەپرس لە کەوتنی شەنگال دەکات، نۆزدە جار بەرپرسیارێتی کەوتنی شەنگال بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەداتە پاڵ هێزەکانی پێشمەرگە. بۆنموونە لەهەواڵێکدا بەناونیشانی: «وەڵامی پارتی بۆ ڕاگەیەندراوەکەی یەکێتی» کەی ئێن ئێن زۆر بەڕوونی بەمشێوەیە بەرپرسیارێتی کەوتنی شەنگال دەداتــە پاڵ پێشمەرگە: «لەدوێنێوە قەزای شەنگال کەوتە دەست چەکدارانی داعش دوای کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە تێیدا و خەڵکەکەشی ئاوارەبوون»(١٨). هەروەها لەهەواڵێکی تریدا بەمشێوەیە بەپرسیارێتی کەوتنی شەنگال دەداتــە پاڵ پێشمەرگە: قەزای شەنگال کەوتە دەست چەکدارانی داعش، دوای ئەوەی هێزەکانی پشمەرگە پاشەکشەیان کرد(١٩). بەڵام، کەی ئێن ئێن تەنها لە یەک هەواڵدا بەرپرسیارێتی

**خشتەی ژمارە (2) لایەنی بەرپرسیار لەکەوتنی شەنگال پیشاندەدا**

| بەرپرسیار | ڕووداو | ڕێژەی سەدی | کەی ئێن ئێن | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| پێشمەرگە | 6 | 75 | 19 | 90.47 |
| حکومەتی عێراقی | 2 | 25 | - | - |
| هێزەکانی پارتی | - | - | 1 | 4.76 |
| نەبوونی چەك | - | - | 1 | 4.76 |
| تێکڕای گشتی | 8 | 100 | 21 | 100 |

## خشتەی ژمارە (3) دەستنیشانکردنی لایەنی بەرپرسیار لەکەوتنی لەدوای تێکچوونی پەیوەندییەکانی پارتی وگۆڕان

| بەرپرسیار | ڕووداو | ڕێژەی سەدی | کەی ئێن ئێن | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| هێزەکانی پارتی | 0 | 0 | 11 | 100 |
| هۆکارەکانی تر | 0 | 0 | 0 | 0 |
| تێکڕای گشتی | 0 | 100 | 11 | 100 |

کەوتنی شەنگال دەخاتە ئەستۆی «هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان» بەمشێوەیە: سەرلەبەیانی ئەمڕۆ دوای کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراق لەشەنگال گروپە چەنەکانی داعش ئەو دەڤەرەیان داگیرکرد(٢٠).» بەڵام لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت، کە کەی ئێن ئێن خۆی ڕاپۆرتەکەی نەکردووە، بەڵکو ڕاپۆرتەکە لەلایەن ئاژانسی فورات نیوزەوە کراوەو ئەو ئاژانسە خاوەنی ئەو ڕاپۆرتەیە، کەی ئێن ئێن تەنها لێی وەرگرتووە. لەلایەکی ترەوە هەروەک لە خشتەکەدا دیارە لەیەکێک لەهەواڵەکانیدا، کەی ئێن ئێن بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەرپرسیارێتی کەوتنی شەنگال دەبەستێتەوە بە نەبوونی چەک و تەقەمەنی پێویست لەبەردەستی هێزەکانی پێشمەرگەدا، بەمشێوەیە: «ئەمڕۆ هێزی پێشمەرگە لە قەزای شەنگال و زوممار کشانەوە، بەڵام سەرلە ئێوارەی ئەمڕۆ، پاش ئەوەی چەندین جۆری نوێی چەک و تەقەمەنییان پێگەیشت، لە چەند قۆڵێکەوە هێرشیان دەستپێکردەوە و بەپێی زانیارییەکانی KNNC لەئێستادا هێزی پێشمەرگە شارۆچکەی زومماری کۆنترۆڵکردووەتەوە و لە چەند قۆڵێکەوە هێرش بۆسەر شەنگال دەستپێکردووە«. (٢١)

لێرەدا پێویستە ئێبینی ئەوە بکرێت، هۆکاری سەرەکی ئەوەی کە کەی ئێن ئێن کەوتنی شەنگال دەداتە پاڵ « پێشمەرگە« نەک هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بزوتنەوەی گۆڕان لەو کاتەدا ڕێکەوتنی سیاسی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان هەبووە و هاوبەشی پارتی بووە لەحکومەتدا(٢٢). بۆ سەلماندنی ئەم بانگەشەیە لێکۆڵەر لەدوای ئێکچوونی پەیوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان دوو ڕۆژی تری لە ڕووماڵی میدیایی کەی ئێن ئێن وەرگرتووە، ئەو دوو ڕۆژەش هەردوو ساڵیادی کەوتنی شەنگالن لەساڵی ٢٠١٦ و ٢٠١٧ دا. لەدوای ئێکچوونی پەیوەندییەکانی بزوتنەوەی گۆڕان لەگەڵ پارتی، گوتاری کەی ئێن ئێن بەتەواوەتی پێچەوانە دەبێتەوە، بەشێوەیەک کەی ئێن ئێن هەروەک لە خشتەکەشدا دیارە سەد لەسەد بەرپریارێتی کەوتنی شەنگال دەخاتە ئەستۆی هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان. بۆنموونە، لەهەواڵێکیدا بەناونیشانی «هەڵەبجە؛ مەراسیمێک بۆ یادی دوو ساڵەی داگیرکردنی شەنگال سازکرا»، کەی ئێن ناوەڕۆکی هەواڵەکەی بەمشێوەیە دارشتووە: ڕۆژی ٣ی ئابی ساڵی ٢٠١٤ دوای کشانەوەی هێزەکانی پارتی دیموکراتی

KCCRC
ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

کوردستان، قەزای شنگال کەوتە دەست چەکدارانی داعش و بەهۆی ئەوەشەوە بەسەدان هاوڵاتی ئێزیدی لەلایەن داعشەوە کوژران و هەزاران ژن و منداڵ و پیاویش تائێستا بێسەرو شێونن(٢٣). بەهەمان شێوە، لەهەواڵێکیتریدا بەناونیشانی «لە کاتی داگیرکردنی شەنگالدا ١٨ هەزار چەکداری پارتی لە ناوچەکە بوون» کەی ئێن بەمشێوەیە ئاماژە بە بەرپرسیارێتی پارتی دیموکراتی کوردستان: سێ ساڵ بەسەر کارەساتی ٣ی ئاب و داگیرکردنی شەنگال تێدەپەرێت و تائێستاش بەشێکی نهێنی هەڵهاتنی چەکدارانی پارتی لە ناوچەکە بەنهێنی ماوەتەوە، بەپێی زانیارییەکانی KNN لە کاتی هێرشەکەی داعشدا ١٨ هەزار چەکداری پارتی لەو ناوچەیە بوون و لەلایەن ژمارەیەک لە بەرپرسانی سەربازی و حزبی پارتییەوە سەرپەرشتی دەکران (٢٤).

## دەستەواژە سۆزدارییەکان

هەردوو کەناڵەکە چەندین ووشە و زاراوەی سۆزداریی جۆراوجۆر و لەیەکتر نزیکیان بەکارهێناوە. هەروەک لەپێشتریشدا باسکرا، ئەو زاراوانە بەسەر پێنج گروپ یان زاراوەی سەرەکی جیاوازدا دابەشکراون. ئەوانیش بریتین لە: ئاوارە و هەڵهاتن، کارەساتی مرۆیی، توندوتیژی و کاری وەحشیگەرانە، دەستدرێژی سێکسی یان توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر، جینۆساید یان کۆمەڵکوژی.

ووشەی ئاوارەو هەڵهاتن زۆرترین جار بەکارهێنراوە لەلایەن هەردوو کەناڵەکەوە. بۆ نموونە، ئەم زاراوەیە ١٤٥ جار لەلایەن کەناڵی ڕووداوەوە دووبارە کراوەتە لەڕاپۆرتە هەواڵەکانیدا لەماوەی ئەو پێنج ڕۆژەدا. کەناڵی ڕووداو بەمشێوەیە ئاماژەی بەم زاراوەیە کردووە لە یەکێک لە ڕاپۆرتە هەواڵەکانیدا: ماوەی چەند ڕۆژێکە کارەساتێکی گەورە بەرۆکی ئێزدییەکان و ئەو دەڤەرەی گرتووە، کە تێیدا دەژین، نزیکەی ٣٠٠ هەزار هاونیشتمانی ئێزدی ئاوارەبوون، دەیان منداڵ و ژن و بەساڵداچوو بەهۆی گەرما و نەبوونی خۆراک و ئاوەوە گیانیان لەدەستداوە(٢٥). بەهەمان شێوە ئەم چەمکە زۆرترین جار لەلایەن کەناڵی کەی ئێن ئێنەوە بەکارهێنراوە، بەشێوەیەک ١٣٦جار ئەم زاراوەیە لە ڕاپۆرتە هەواڵەکانی کەی ئێن ئێندا دووبارە بۆتەوە. کەی ئێن ئێن بەمشێوەیە ئەم ووشەیەی بەکارهێناوە: لانی کەم تا ئێستا ٢٠٠ هەزار کەس لە قەزای شنگال بە هۆی هێرشەکانی چەکدارانی داعشەوە ئاوارەبوون و کە زۆربەیان کوردانی ئێزدیین(٢٦).

یەکێکی تر لەو دەستەواژانەی کە بەکارهێنراوە لە ڕوماڵی میدیایی ڕووداو و کەی ئێن ئێندا، دەستەواژەی کارەساتی مرۆییە. کەناڵی ڕووداو ١٠١ جار ووشەی کارەساتی مرۆیی بەکارهێناوە بەشێوازی جیاجیا، زاراوەکانی مردن لەبرسا، مردن بەهۆی تینوێتییەوە، زۆرترین جار لەم چوارچێوەیەدا بەکارهێنراون. بۆ نموونە، لەمانشێتێکی هەواڵی کەناڵی ڕووداو دا هاتووە: بەشێک لە ئاوارەکانی چیای شەنگال دوو ڕۆژە نانیان نەخواردووە«. لەهەواڵێکی تردا، زاراوەکە بەمشێوەیە بەکارهێنراوە: «لێرە نان و ئاو نییە. تراژیدیایەکی مرۆیی بە چاوی خۆمان دەبینین. ئەو دیمەنانەی لێرە دەیانبینین زۆرتر لە بە فیلمکردنی چیرۆکە سەرەتاییەکانی نێو ئەو کتێبانە دەچن کە لەسەر هۆلۆکۆست و ئەنفال نووسراون. کاتێک لێرە لە یەکێک دەپرسیت: "چۆنیت؟" وەڵامندەداتەوە: "برسیمە".» (٢٧) لەهەواڵێکی تری هاوشێوەدا بەناونیشانی: چیرۆکی ئەو دایکەی ڤیان دەخیلی گریاند، لەهەواڵەکەدا بەمشێوەیە زاراوەکە بەکارهێنراوە: « ڤیان دەخیل باسی ڕووداوێک دەکات و دەڵێ «ئاخر چۆن خۆم رابگرم و نەگریم کاتێک دایکێک تەلەفۆنم بۆ دەکات و دوو منداڵی لە بەر تینوێتی و برسێتی گیانیان لە دەستداوە، ئەو ژنە بە تەلەفۆن پێی گوتم کە منداڵێکی سێ مانگ بووە و ئەوی دیکەشیان تەمەنی دوو ساڵ و نیو بووە، لە چیای شنگال لە بەر بێ ئاوی و برسێتی مردوون، بۆیە منیش کۆنترۆڵی خۆم لە دەستدا و دەستم بە گریان کرد لە ناو پەرلەمانی عێراق»(٢٨).

ئەو زاراوانەی تر کەلەژێر چەتری کارەساتی مرۆیی جێگەی کراوەتەوە بریتین لە: تراژیدیا، کارەساتی مرۆیی، گیرخواردن، گیان لەدەستدان. بۆ نموونە، دەستەواژەی گیان لەدەستدان بەم شێوەیە لە ڕاپۆرتە هەواڵییەکانی ڕووداودا هاتووە: «لە چیای شنگال ژمارەی ئەو منداڵ و بەساڵاچووانەی گیانیان لەدەستدەدەن هێندە زۆرە کە ناژمێردرێن. لە چوار ڕۆژی رابردوودا شاهیدی مەرگی

## خشتەی ژمارە (4) زاراوەو ووشە سۆزدارییەکان

| زاراوە سۆزدارییەکان | ڕووداو | ڕێژەی سەدی | کەی ئێن ئێن | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ئاوارەبوون و هەڵهاتن | 145 | 43.41 | 136 | 54. 18 |
| کارەساتی مرۆیی | 101 | 30.23 | 60 | 23.90 |
| دەستریژی سێکسی | 27 | 8 | 7 | 2.78 |
| توندوتیژی | 43 | 12.87 | 25 | 9.96 |
| کۆمەڵکوژی | 18 | 5.38 | 23 | 9.16 |
| تێکرای گشتی | 334 | 100 | 251 | 100 |

چەندین کەس بـووم. خەڵک هێندە زۆر دەمرێت کە هەر سەرە کاژێرێک چاوەڕوانی هەواڵی گیانلەدەستدانی منداڵێکی دیکە یان بەساڵاچوویێک دەکەین. لەبەرئەوەی هەمووکەس مۆبایلەکەی شەحنی لەسەر نییە هەواڵی مردن بەپێ بە چیای شنگالدا بڵاودەکرێتەوە. کاتێک یەکێک دەبینین لەدوورەوە بەپێ دێت، دڵنیاین یان هەڵاتووە یان هەواڵی مردنی پێیە»(٢٩).

ووشەی تراژیدیا یەکێکی تـرە لەو زاراوە سۆزدارییانەی کە لە خشتەکەدا خراوەتە پۆلێنی کارەساتی مرۆییەوە، ئەم زاراوەیە چەندین جار لەلایەن ڕووداوەوە بەکارهێنراوە، تەنانەت لە مانشێتی هەواڵیشی بۆ تەرخانکراوە. بۆ نموونە، ناونیشانی هەواڵێکی ڕووداو بەم ناونیشانە داڕێژراوە: «تراژیدیای چیای شنگال پەیامنێر و بێژەرەکەی ڕووداو دەگریێنێ». ناوەڕۆکی ئەم هەواڵە بەم شێوەیە داڕێژراوە: «لەکاتی گێڕانەوەی تراژیدیای چیای شنگال خۆی پێنەگیرا و دەسنیکرد بە گریان و بێژەرەکەی ڕووداویش بە هەمان شێوە(٣٠).»

بەهەمان شێوەی دەزگای میدیایی ڕووداو، کەناڵی کەی ئێن ئێنیش بەڕێژەیەکی بەرچاو زاراوەی سۆزداریی کارەساتی مرۆیی بەکارهێناوە. کەی ئێن ئێن ٦٠ جار ئەو زاراوانـەی بەکارهێناوە کە لەم لێکۆڵینەوەدا لەژێر ناوی کارەساتی مرۆیی پۆلێن کراون، لەو زاراوانەش کە زۆرترین جار بەکارهێنراون برینین لە گیان لەدەستدان بەهۆی برسێتی و تینوێتییەوە، مردن، کارەساتی مرۆیی، گیرخواردن، تراژیدیا. بۆ نموونە، لەهەواڵێکی دا کەی ئێن ئێن بەمشێوەیە باس لە خراپی ڕەوشی ئێزیدییەکانی چیای شەنگال دەکات بەهۆی بێ نان و ئاوییەوە: ئێزیدییەکان لە چیای شنگال بێ نان و بێ ئاون، پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، تا ئێستا چەند جارێک بە فڕۆکە ئاو و خواردنی ڕەوانەی ئەوان کردووە، بەپێی ئەو هەواڵانەی بڵاوبووەتەوە، تا ئێستا ٢٠ کەس لەو ئێزیدیانە بە هۆی تینوێتی و برسییەتییەوە گیانیان لەدەستداوە کە

زۆربەیان منداڵن(٣١). لەهەواڵێکی تریدا بەناونیشانی، «لەشاخی شەنگال ٢٠ منداڵ و بەساڵاچوو گیانیان لەدەسندا»، بەم شێوەیە ئاماژە بە دۆخی ئێزیدییەکان دەکاتـ بەدەستـ بێ نانی و بێ ئاوییەوە: ٢٠ منداڵ و بەساڵاچووی ئێزیدی لە شاخی شەنگال بەهۆی برسێتی و گەرماوە گیانیان لەدەسنداوە لە ٢٤ کاتژمێری ڕابردوودا ٢٠ منداڵ و بەساڵاچوو لە شاخی شەنگال بەهۆی برسێتی و گەرماوە گیانیان لەدەسنداوە«(٣٢).

یەکێکی تر لەو زاراوە سۆزدارییانەی کە لەلایەن کەناڵی ڕووداو و کەناڵی کەی ئێن ئێنەوە بەکارهێنراون بۆ گوزارشتـ کردن لەدۆخی ناهەمواری ئێزیدییەکان زاراوەی توندوتیژی و کاری وەحشیگەرییە. ڕووداو لەکۆی هەواڵەکانیدا ٢١ جار زاراوەکانی وەک توندوتیژی و کوشتن و سەربڕین و لەسێدارەدانی بڵاوکردۆتەوە. کەناڵی ڕووداو لە مانشێتـ و ناوەڕۆکی هەواڵەکانیدا ئاماژە بە کارە وەحشیگەرەکانی داعش دەکاتـ. بۆ نموونە، مانشێتی هەواڵێکی ڕووداو بەمشێوەیە داڕێـژراوە: «چەکدارانی داعش سێکس لەگەڵ کچە کوردە ئێزدییەکان دەکەن و دواتر سەریان دەبڕن»، لەناوەڕۆکی هەواڵەکەدا هاتووە: «ژنێکی کوردی ئێزدی کە بەچاوی خۆی دەستدرێژی چەکدارانی داعشی بۆ سەر ژنەکانیان بینیوە، دەڵێ «دوای دەستدرێژی سێکسی، سەری ژنەکان لە لاشەیان جیادەکەنەوە»(٣٣).. لەو زاراوانەی تر کە لەلایەن ڕووداوەوە بەکارهاتوون بۆ وەسفکردنی کارە وەحشیگەرەکانی داعش، تەقاندنەوەی مەزارگە ئایینییەکانە. بۆ نموونە، ڕووداو هەواڵێکی لەسەر تەقاندنەوەی مەقامی سەیدە زەینەب کردووە لەلایەن چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامییەوە(٣٤). .

یەکێکی تر لەو دەستەواژە سۆزدارییانەی کە لەلایەن هــەردوو کەناڵی ڕووداو و کەی ئێن ئێنەوە کاری لەسەرکراوە لەکاتی کەوتنی شەنگال، دەستدرێژی سێکسییە بۆ سەر کچان و ژنانی ئێزیدی. بەشێوەیەکی گشتی سێ دەستەواژەی نزیک لە یەکتری بەکارهێنراوە لەڕووماڵی هــەردوو میدیاکەدا ئەوانیش برینین لە: دەستدرێژی سێکسی، فڕاندن و فرۆشتن و بەکۆیلەکردن، توێژەر هەر چوار دەستەواژەکەی لەژێر یەک گروپدا پۆلێن کردووە بەناونیشانی دەستدرێژی سێکسی بازرگانیکردن بە مێیینەی ئێزیدییەکانەوە. ڕووداو لە ڕاپۆرتە هەواڵییەکانیدا لەماوەی ئەو پێنج ڕۆژەدا ٢٧ جار دەستەواژەی دەستدرێژی بۆ سەر کچان و ژنانی ئێزیدی لەلایەن داعشەوە بڵاوکردۆتەوە. بۆنموونە، لەهەواڵێکدا بەناونیشانی: «چەکدارانی داعش سێکس لەگەڵ کچە کوردە ئێزدییەکان دەکەن و دواتر سەریان دەبڕن»، «لەزاری ئاوارە کوردە ئێزیدییەکانەوە ئاماژەی بەوە کردووە کە چەکدارەکانی داعش دەچنە نێو خێزانە کوردە ئێزیدییەکان، هەرچی کچی جوانە دەیبەن و دەڵێن ئەمە بۆ ئەمیرەکەمان، ئەوەشی کە دەمێنێتەوە دەستدرێژی سێکسی دەکەنە سەر(٣٥)..»

سەبارەتـ دەستەواژەکانی بەکۆیلەکردن و فرۆشتن، ڕووداو لەهەواڵێکیدا، بەناونیشانی: «چیرۆکی دایکێک ڤیان دەخیلی گریاند»، لەناوەڕۆکی هەواڵەکەدا بەم شێوەیە ئەو دوو دەستەواژەیە بەکاردەهێنێتـ: «نزیکەی ٤٠٠ ژن و کچی ئێزدی لە لایەن چەکدارانی داعشەوە لە نەخۆشخانەی تەلەعفەر دەستبەسەرکراون، هەڕەشەی فرۆشتنیان وەک کۆیلە لێدەکرێتـ»(٣٦).. لەهەواڵێکی دا بەناونیشانی: «٥٠٠ ژنی کوردی ئێزدی رفێندراون»، ڕووداو بەمشێوەیە ووشەی ڕفاندنی بەکارهێناوە: «پێنجسەد ژنی کوردی ئێزدی لەماوەی دوو رۆژی رابــردوودا لەلایەن چەکدارانی داعشەوە رفێندراون(٣٧)..» لەلایەکی ترەوە، بەهەمان شێوە کەی ئێن ئێن لە ڕاپۆرتە هەواڵییەکانیدا گرنگی داوە بەدەستەواژەی دەستدرێژی سێکسی بۆسەر ژنان و کچانی یەزیدی. بەڵام کەی ئێن ئێن تەنها ٧جار لە ڕاپۆرتە هەواڵییەکانیدا زاراوەکانی وەک دەستدرێژی سێکسی و فڕاندن و فرۆشتن و بەکۆیلەکردنی ژنانی ئێزیدی کــردووە. بۆ نموونە، لە ڕاپۆرتێکی هەواڵیدا بەناونیشانی «ئەو رێکخراوە جیهانیانەی لەسەر ئێزیدی هاتنە دەنگ» کەی ئێن ئێن بەمشێوەیە ئەو زاراوانەی بەکارهێناوە: «چەکدارانی داعش، سەدان ژن و کچی مەسیحی و ئێزدییان ڕفاندوە و لە بازاڕێکی موسڵ وەکو کۆیلە نمایشیان کردون (٣٨).

کۆتا زاراوەی عاتیفی کە لەلایەن هەردوو کەناڵەکەوە بەکارهێنراوە بۆ وەسفکردنی دۆخی دژواری ئێزیدییەکان لەدوای هێرشەکانی دەوڵەتی ئیسلامی بۆ سەر شەنگال زاراوەی کۆمەڵکوژی و جینۆسایدە. ڕووداو لەکۆی ئەو ١٢١

هەواڵەی کە لەماوەی پێنج ڕۆژدا لەسەر کەوتنی شەنگال کردوویەتی، ٨ جار ووشەی کۆمەڵکوژی بەکارهێناوە. بۆ نموونە، ڕووداو چاوپێکەوتن لەگەڵ بەپرسێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات کە بەم شێوە باس لە کۆمەڵکوژی داعش دەکات بەرامبەر یەزیدییەکان: ئەوەی کە دەکرێت جینۆساید و کارەساتی مرۆییە(٣٩). بەهەمان شێوەی ڕووداو، کەناڵی کەی ئێن ئێنیش، زاراوەی کۆمەڵکوژی و جینۆساید بەکار دەهێنێت بۆ وەسفکردنی کوشتن و بڕینی یەزیدییەکان لەلایەن داعشەوە. بۆ نموونە لە هەواڵێکیدا، کەی ئێن ئێن بەم شێوەیە گوزارشت لە کردەوە توندوتیژەکانی داعش دەکات بەرامبەر یەزیدیەکان: داعش دەستی کردووە بە جینۆسایدکردنی یەزیدی و کەمینەکانی دەوربەری موسڵ(٤٠). لێرەدا پێویستە ئێبینی ئەوە بکەین، پاڵنەری سەرەکی بەکارهێنانی دەسنەواژە سۆزدارییەکان بۆ پێناسەکردنی ئەو کارەساتانەی لەسەر دەستی چەکدارانی داعش بەسەر ئێزیدییەکاندا هێنراوە بۆ ئەوە بووە کە ڕایگشتی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان لەدژی داعش دروستبکات، بەمانایەکی تر ڕووداو لەڕێگەی بەکارهێنانی ئەم چەمکە سۆزدارییانەوە ویستویەتی پشتیوانییەکی گەورەی ناوخۆیی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش دروستبکات. لێرەدا بەکارهێنانی زاراوە سۆزدارییەکان بۆ جوڵاندنی ڕایگشتی نەبووە لەدژی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەمەش لەبەرئەوەی ڕووداو بەرپرسیارێتی کەوتنی شەنگال ناخاتە ئەستۆی پارتی دیموکراتی کوردستان. هەمان شت ڕاستە بۆ کەی ئێن ئێن لەگەڵ بوونی یەک جیاوازی، کەی ئێن ئێن هاوشێوەی ڕووداو ویستویەتی پاڵپشتییەکی ناوخۆیی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش دروستبکات. بەڵام، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە کەی ئێن ئێن زۆرترین جار ئاماژەی بەوە داوە کە پێشمەرگە بەرپرسە لە کەوتنی شەنگال، ڕەنگە پاڵنەرێکی تری کەی ئێن ئێن بڕینی بوویێت لەوەی کە سەرنجی ڕایگشی بۆ ئەوە ڕابکێشێت کە پێشمەرگە لاوازەو پێویستی بە ڕیفۆرمە، کە ئەمەش لەگەڵ یەکێک لە ئەجێندا سەرەکییەکانی بزوتنەوەکەدا یەکدەگرێتەوە، کە بڕینییە لە یەکخستنەوەی هێزەکانی ئاسایش و پێشمەرگە.

**دەرئەنجام**

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە سوود وەگرتن لە تیۆری فرەیمینگ وڵامی ئەو پرسیارە سەرەکییەی دایەوە کە چۆن کەناڵی ڕووداو و کەناڵی کەی ئێن ئێن ڕووماڵی کەوتنی شەنگالیان کردووە لە ٣ی ئابی ٢٠١٤ دا. ڕاپۆرتە هەواڵییەکانی ئەو دوو کەناڵە لەماوەی پێنج ڕۆژی سەرەتای کەوتنی شەنگالدا وەرگیراوە و لەسەر بنەمای تیۆری فرەیمینگ شیکاری بۆ ئەو ڕاپۆرتە هەواڵیانە کراوە. لێکۆڵینەوەکە بەو دەرئەنجامە گەیشت کە ڕووداو زیاتر لە کەی ئێن ئێن فۆکەسی خستۆتەسەر کەوتنی شەنگال و لێکەوتە مەترسیدارەکانی. لەڕووی بەرپرسیارێتییەوە، ڕووداو بەرپرسیارێتی کەوتنی شەنگالی نەخستۆتەپاڵ هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەرەڕای ئەو ڕاستییەی کە هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرپرسیاری سەرەکی بوون لەکەوتنی شەنگال، بەڵام ڕووداو بەرپرسیارێتییەکەی خستۆتە ئەستۆی پێشمەرگە بەگشتی. وەک لە لێکۆڵینەوەکەدا ئاماژەی پێکرا، ڕووداو لەبری ئەوەی کەوتنی شەنگال بخاتە ئەستۆی هێزەکانی پارتی، نەک هەر بەرپرسیارێتی کەوتنی شەنگالی نەخستۆتە سەر هێزەکانی پارتی، بەپێچەوانەوە بەشێوەیەکی ئەرێنی باسی لەو ڕۆڵە گرنگە کردووە کە هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەبەرەکانی شەڕ لەڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانی داعشدا دەیگێڕن. لەڕووی خستنە ئەستۆی بەرپرسیارێتی کەوتنی شەنگال، کەی ئێن ئێن خاوەنی دوو ڕووماڵی پێچەوانە و دژ بەیەکە، لەپێنج ڕۆژی سەرەتای کەوتنی شەنگال، کەی ئێن ئێن کەوتنی شەنگال دەخاتە ئەستۆی هێزەکانی پێشمەرگە، تەنها لەیەک ڕاپۆرتیدا ئاماژە بەوە دەکات کە هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرپرسیارن لە کەوتنی شەنگال، ئەو ڕاپۆرتەش کەی ئێن ئێن خۆی خاوەنی نیە، بەڵکو لە ئاژانسی فورات نیوز وەریگرتووە. لێکۆڵەر لەلێکۆڵینەوەکەدا بانگەشەی ئەوەی کرد، کە ئەم ڕووماڵە شەرمنانەی کەی ئێن ئێن بەرامبەر بە کەوتنی شەنگال بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بزوتنەوەی گۆڕان لەوکاتەدا ڕێکەوتنی سیاسی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان هەبووەو هاوبەشی پارتی بووە لە حکومەتدا. توێژەر ئەم بانگەشەیەی بەوەرگرتنی دوو ڕۆژی تر لە

ڕووماڵی کەی ئێن ئێن، دوای ئێکچوونی پەیوەندییەکانی گۆڕان و پارتی پشتڕاستکردەوە، ئەو دوو ڕۆژەش ساڵیادی دووەم و سێهەمی کەوتنی شەنگال بوون لەساڵی ٢٠١٦ و ٢٠١٧دا. لەم دوو ساڵیادەدا، کەناڵی کەی ئێن ئێنی سەر بە بزوتنەوەی گۆڕان سەد لە سەد کەوتنی شەنگال دەخاتە ئەستۆی هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان. لەسەر بنەمای ئەم ڕووماڵە دوو فاقیەی کەی ئێن ئێن، لێکۆڵینەوەکە بەو دەرئەنجامە گەیشت کە ڕووماڵی میدیایی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی سیاسی لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر دەگۆڕێت. ئەگەرچی هەردوو کەناڵەکە بەجیاواز باسیان لە بەرپرسیارێتی کەوتنی شەنگال کردووە، بەڵام هەردوو کەناڵەکە هەوڵیانداوە هەست و سۆزی خەڵکی هەرێمی کوردستان لەدژی کردەوە توندوتیژەکانی داعش بجوڵێنن، لەپێناو دروستکردنی ڕایگشتی لەدژی داعش.

## سەرچاوەکان


(1) Valeria Cetorelli, Isaac Sasson, Nazar Shabila, and Gilbert Burnham. 2017. ISIS› Yazidi Genocide: Demographic Evidence of the Killings and Kidnappings, Foreign Affairs. https://www.foreignaffairs.com/articles/syria/201708-06-/isis-yazidi-genocide

(2) Valeria Cetorelli, Isaac Sasson, Nazar Shabila, and Gilbert Burnham. 2017. ISIS› Yazidi Genocide: Demographic Evidence of the Killings and Kidnappings, Foreign Affairs. https://www.foreignaffairs.com/articles/syria/201708-06-/isis-yazidi-genocide

(3) Iraqi Constitution (2005). washingtonpost.com. http://www.washingtonpost.com/wpdyn/content/article/200512/10//AR2005101201450.html? noredirect=on

(4) Michael Knights . 2017. " Turkey's Waiting Game in Sinjar", Turkeyscope: Insights on Turkish Affairs, Vol. 1, No. 8, 15-.

(5) Joel Wing, . 2016. "Iraqi Kurdistan's divided Kurds, political divisions amongst the Peshmerga: analyst". Ekurd Daily. http://ekurd.net/political-divisions-peshmerga-201605-01-

(6) Hawre Hasan Hama, Farhad Hassan Abdulla & Dastan Jasim. 2018. "One battle, two narratives? Rudaw's framing during the 2017 conflict over the disputed territories of the Kurdistan Region and Iraq". The Journal of International Communication, DOI: 10.108013216597.2018.1474125/

(7) Editorial staff, . "KDP and Gorran exchange accusations over the fall of Iraq's Sinjar". Daily Kurd, https://ekurd.net/kdp-gorran-fall-sinjar-201608-08-

(8) Entman, R. M. 1993. "Framing: Toward clarification of a fractured paradigm". Journal of Communication, 43(4), 51-58.

(9) Entman, R. M. 2014. Projections of Power: Framing News, Public Opinion and U.S. Foreign Policy. Chicago: University of Chicago Press.

(10) Robinson, P., 2008. The role of media and public opinion. Foreign Policy: Theories. Actors. Cases, pp.146147-

(11) Rudaw, ed. 2014. ISIS confessed its fight with Peshmerga was hard". Rudaw. http://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/040820143? keyword=& isArchive=True

(12) Rudaw, ed. 2014. "The fight between ISIS nad Peshmerga in global media". Rudaw. http://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0408201410? keyword=& isArchive=True

(13) Rudaw, ed. 2014. "America to arm Peshmerga". Rudaw. http://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0408201432? keyword=& isArchive=True

(14) Rudaw, ed. 2014f. "Mansour Barzani is around Sinjar with a large number of troops". Rudaw. http://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/030820148? keyword=& isArchive=True

(15) Rudaw, ed. 2014f. "ISIS arrest Kurdish Yazidi children". Rudaw. http://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/030820145899? keyword=& isArchive=True

(16) Rudaw, ed. 2014. "Peshmerga encircles Sinjar and ISIS moves into houses". Rudaw. http://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0408201419? keyword=& isArchive=True

(17) Rudaw, ed. 2014. "Kurdistan Region told US: Stop thanking us, Help Peshmerga with weapons". Rudaw. http://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/040820141? keyword=& isArchive=True

(18) KNN, ed. 2014a. "The response of KDP to PUK". KNN. https://www.knnc.net/Details4.aspx? jimare=30828

(19) KNN, ed. 2014b. "Sinjar falls into the hands of ISIS". KNN. https://www.knnc.net/Details4.

www. knnc. net/Details4. aspx? jimare=30827

(30) Rudaw, ed. 2014. "The tragedy of Sinjar mountain make a commentator and a reporter of Rudaw cry". Rudaw. http://www. rudaw. net/sorani/kurdistan/0708201425? keyword=& isArchive=True

(31) KNN, ed. 2014f. "New Photos of Yazidis on Sinjar Mountain". KNN. https://www. knnc. net/Details4. aspx? jimare=30970

(32) KNN, ed. 2014g. "Twenty children and old people died in Sinjar Mountain". KNN. https://www. knnc. net/Details4. aspx? jimare=30827

(33) http://www. rudaw. net/sorani/kurdistan/0608201413? keyword=& isArchive=True

(34) Rudaw, ed. 2014q. The offense of Peshmerga agiasnt ISIS started". Rudaw.

(35) http://www. rudaw. net/sorani/kurdistan/030820145321? keyword=& isArchive=True

(36) http://www. rudaw. net/sorani/kurdistan/030820145321? keyword=& isArchive=True

(37) Rudaw, ed. 2014k. "Five hundred Kurdish Yazidi women kidnapped". Rudaw. http://www. rudaw. net/sorani/kurdistan/0508201455? keyword=& isArchive=True

(38) KNN, ed. 2014h. "The international organization that choose to be not silent on Yazidis".. KNN. https://www. knnc. net/Details4. aspx? jimare=30977

(39) Rudaw, ed. 2014s. "Dindar Zebari: UN Security Council should make a quick decision". Rudaw. http://www. rudaw. net/sorani/kurdistan/06082014? keyword=& isArchive=True

(40) KNN, ed. 2014g. "Twenty children and old people died in Sinjar Mountain". KNN. https://www. knnc. net/Details4. aspx? jimare=30827

aspx? jimare=30760

(20) KNN, ed. 2014c. "KJK contacted KDP and PUK regarding the Sinjar's circumstance". KNN. https://www. knnc. net/Details5. aspx? jimare=30780

(21) KNN, ed. 2014d. "Xanki population demonstrates in support of the population of Sinjar and Zummar". KNN. https://www. knnc. net/Details4. aspx? jimare=30804

(22) Kamal Chomani, . 2016. "Gorran Leader Mustafa's Hard Choices", Washington Institute for Near East Policy. http://www. washingtoninstitute. org/fikraforum/view/gorran–leader–mustafas–hard–choices

(23) KNN, ed. 2016c. An event for Sinjar was held In Halalbja. KNN. https://www. knnc. net/Details4. aspx? jimare=84217

(24) KNN, ed. 2017. "During the ISIS invasion of Sinjar there were 18. 000 KDP troops in the area". KNN. https://www. knnc. net/Details4. aspx? jimare=104424

(25)Rudaw, ed. 2014. "ISIS arrest Kurdish Yazidi children". Rudaw. http://www. rudaw. net/sorani/kurdistan/030820145899? keyword=& isArchive=True

(26) KNN, ed. 2014. specified information regarding the increase of displaced people in the three provinces of Kurdistan Region. KNN. https://www. knnc. net/Details4. aspx? jimare=30996

(27) Rudaw, ed. 2014. "Rudaw's Report on Sinjar Mountain: here women died with white clothes". Rudaw. http://www. rudaw. net/sorani/kurdistan/0608201439? keyword=& isArchive=True

(28) Rudaw, ed. 2014. "A story of a mother made Vian Daxil cry". Rudaw. http://www. rudaw. net/sorani/kurdistan/0508201431? keyword=& isArchive=True

(29) KNN, ed. 2014. "Twenty children and old people died in Sinjar Mountain". KNN. https://

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

## دەربارە

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ناوەندێکی قازانج نەویستی سەربەخۆیە، کاردەکات بۆ ئەنجامدان و پشتگیریکردن و هاندانی توێژینەوەو پێشکەشکردنی بە ڕای گشتی، هەروەها وەرگێڕانی کتێب و نوێترین توێژینەوە جیهانییەکان بۆ سەر زمانی کوردی و دەوڵەمەندکردنی لیتریچەی کوردی لەبوارەکانی سیاسەت و دیراساتی ئایندە، بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنییەکان، ئاگادارکردنەوەی دەستەبژێری سیاسیی کورد لەو هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی کوردستان و ناوچەکە دەبنەوە.

Political Studies PS

Terrorism & Security Studies TSS

Islamic Studies IS